# کۆتایی هێنان بە
# پرۆگرامی گواستنەوەی قوتابیانی پەنابەر
# لە هەرێمی کوردستانی عێراق.



دەستپێکی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥، کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەککرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران UNHCRو هاوبەشەکانی INTERSOS و NRC چیتر بەردەوام نابن لەپشتگیریکردنی کرێی گواستنەوە بۆ قوتابیانی پەنابەر.

هەموو قوتابییانی پەنابەر مافی ئەوەیان هەیە سیستەمی گواستنەوەی قوتابیان لە قوتابخانەی فەرمی بەکاربهێنن.

## پێویستە چی بزانیت:

**سەلامەتی منداڵان:** بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە شۆفێرانی بە توانایان هەڵبژاردوە، هەروەها ڕێنمایی تایبەتیان دارشتوە بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی ئەو منداڵانەی کە پاسی قوتابخانە بەکاردەهێنن. دەتوانن ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی لێژنەی دایبابان وماموستایانی ناو قوتابخانە یان بەڕێوەبەری قۆتابخانە سکاڵا لە هەڵسوکەوتی شۆفێرانی پاسەکان بکەن لەکاتی بوونی کێشەیەک.

**مافی هەڵبژاردنی پاس و شۆفێر:** دەتوانیت شۆفێر یان کۆمپانیایەکی پاس هەڵبژێریت کە متمانەت پێیەتی لە ناوچەکەی خۆت، پشت بە ڕێنماییەکانی حکومەت.

**گواستنەوەی گونجاو:** حکومەت کرێی گواستنەوە قوتابیان ڕێکدەخات، بە نرخێکی گونجاو بۆ هەموو قوتابیان (کە خوێندکاری پەنابەریش دەگرێتەوە).

## پێویستە چی بکەیت:

**پەیوەندی بکە بە لێژنەی دایبابان وماموستایان** و بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی منداڵەکەت بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەن لە هەڵبژاردنی باشترین ڕێگەی گواستنەوە بۆ منداڵەکانت.

کۆمیساری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران (UNHCR) بەنیازە کۆبوونەوەی زانیاری لەگەل لیژنەی دایباباب وماموستایانی بکات بۆ ئەوەی بتوانن یارمەتی دایک و باوکان و ڕێنماییکردنیان بۆ دیاریکردنی گواستنەوەی گونجاوی بۆ منداڵەکانیان.

هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لەلایەن UNHCR و ڕێکخراوە هاوبەشەکانی پێشکەش دەکرێن بێ بەرامبەرن!
بۆ سکاڵاکردنی لەسەر ئیستغلالکردنی جینسی، ساختەکاری، گەندەڵی و هەڵسوکەوتی نادروست، تکایە سەردانی ئەم لینکە بکەن: www.help.unhcr.org/iraq

UNHCR
The UN Refugee Agency